# پانۆرامای ڕووداوه سەرەكیەكانی عێراق، لە یەك ساڵی رابردودا

abdulla .mahmud@gmail .com **عبدالله مەحمود**

ساڵی رابردوو، ساڵی هەڵگری زۆر روداوی گەورە بوو لەدنیادا، بەدیاری كراویش ساڵی بەیەكدادانی هەردوو بەرەی تیرۆرستی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی بەسەركردایەتی ئەمریكاو تیرۆریزمی ئیسلامی بوو، ساڵێك كە كەم گۆشەوكەناری دنیا هەبوو ئەم دوو بەرەیە نمایشی هێزی تیا نەنوێنن، لە كەنارەكانی بالیەوە تا ناوچە گەشتنشینەكانی مصر، لەمیترۆكانی لەندەنو مەدریدەوە تا ئوتیلەكانی عەمانی پایتەختی ئەردەن، لەشەری دەستەویەخەی ناوشەقامەكانی سعودیەو سوریەوە، تاتەقینەوەكانی ناوئیسرائیل، لە تەقینەوە زنجیرەییەكانی بەغداو موسڵو حللەوە تادەگات بەتەقینەوەكانی هەولێرو ناوشاری سلێمانی، ئەمانە چەند گۆشەیەك لە بەیەكدادانی ئەم دوو بەرەیەبوون، لەناو ئەو نمایشی كوشتارەدا عێراق ئەو جغرافیایە بوو كەشەڕی گەرمو چەوری نێوان ئەم دووبەرەیە تیایدا، تەنها ئەم تەقینەوانە نەبوون، بەڵكە عێراق بەپێچەوانەی ڕاگەیاندنە كرێگرتەكانی بۆرژوازی عالەمیو محەللیو نووسەرە دەربارو كرێگرتەكانیان، نەك هیچ هەنگاوی بەئاقاری دیمكراسیو باهۆزی مەدەنیەتو ئاشتیو بنەبركردنی تیرۆریزم نەنا، بەلكە بەكردەوە عێراق بوو بەمەیدانو كۆمپانیاسازی تیرۆریزمی ئیسلامی، بوو بەمەڵبەندی ڕاهێنانی تیرۆریزمو سادركردنی ئەم تیرۆریزمە بۆ ناوچەو كەنارەكانی تری دنیا، هاوكات عێراق بووە ژینگەی هێنانی دەیان بەچكە ئوسامەو دەیان سەدام حسێنو عودەی.

ئەمرۆ حەكیموسەدر، چەلەبیوعەلاوی، یاوەروتاڵەبانیو بارزانی، ..... دەیانی تر شەری جێگرتنەوەی سەدام حسێن دەكەن، شەڕی قوتبی كردنەوەی دەسەلأت لەدەستی خۆیاندا دەكەن، شەڕی ئێمە سونەی كوردین، سونەی عەرەبین، ئیسلامی شیعەین، ئیسلامی سونەین، كوردین، عەرەبین، توركمانین، ... شەڕو ململانییەكە خۆی خزاندۆتە ناو شوێنی كارو ژیانی خەڵكی عێراقەوە، هەریەكەیان لەجێگای خۆیەوە ئەوی تر نەفی دەكاتەوە، نەفی كردنەوەیەك كەبەكردەوە دەستی پێكردووە، لاشەی بەكۆمەڵو دەستەدەستە فرێدراوی سونەو شیعە، لاشەی سەربڕاوی كوردو توركمان، لەگەڵ شەبەقی هەموو بەیانیەكدا لەكەنار جادەكان، و لەپاڵ دۆڵو تەپۆلكەكاندا ئەدۆزرێنەوە، زیندانە نهێنیو ئاشكراكان پرن لەقوربانیانی دەستی ئەم جەنابانەی كرێگرتەی ئەمریكای لانكی دیموكراسی!، ئەمریكاو هێزی هاوپەیمانان لەپشت ئەم قارەمانانەی كوشتوكوشتارەوە وەستاون، دەستخۆشانەی ئەم كوشتو كوشتارەیان پێڕادەگەیەنرێت، خەتەری تەشەنەسەندنی شەری تایفیو قەومیو مەزهەبی بەئاشكرا دەبینرێت.

جگە لەم بەربەریەتە ئاشكرایەو ئەم تیرۆریزمە كوێرانەیە كە كۆمەڵگای عێراقی نوقمی خوێنو دارمان كردووە، هاوكات لەژێرناوی گێرانەوەی سەروەری بۆ عیراقیەكانو دامەزراندنی پێكهاتە یاساییەكان، ساڵی رابردوو عێراق سی هەڵبژاردنی یەك لەدوای یەكو دارشتنی دەستوری هەمیشەی بەخۆوە بینیوە، كە هەركام لەم هەڵبژاردنانەو دەستوری هەمیشەیی، بەجیا لەوەی هەوڵی ئەمریكا بووە بۆ دەرچون لەو ئەزمە سیاسیو عەسكەریو نێودەوڵەتی یەی دەرگیری بووە، تەقەلایەكیش بووە بۆ هاوئاهەنگكردنی هێزە سیاسیە كرێگرتەكانی خۆی، هاوكات ئەم سیناریۆیانە نەك بەئاقاری كۆتاییهێنان بە تیرۆریزمی ئیسلامی وگێرانەوەی ئەمنیەتو باشكردنی ژیانو گوزەرانی خەڵكیدا هەنگاوێكی نەناوە، بەڵكە عێراقی لەسەر لێواری بەیەكدادانێكی فراوانتری هێزە سیاسیەكانو پێكهاتەكانی كۆمەڵگای عێراقدا ڕاگرتووە.

ئەو هێزانەی بەكۆنترۆڵی ئەمریكا ئەم هەڵبژاردنانەیان پێوەڕێخراو ئەم دەستورەی دیمەنێك لە ململانێكانی عێراقی لەخۆیدا بەرجەستەكردوە، بەڕۆشنترین شێوە ماهیەتی ئەم هێزانەی نیشاندا كەهەرگیز ناتوانن هێزی دیموكراتی بن، ئەگەر لەوەش بگوزەرێین كەئەم هەڵبژاردنانە بەقیمەتی بەبارمتە گرتنی پاروی خەڵكو بەهەڕەشەو چاوسوركردنەوەو لەناو فەزای شەڕی تیرۆرستاندا، بە ساختەكاریەكی بێوێنەوە وەرێخراو خەڵكێك ناچار بەوەكرا ملی بەردەم سندوقەكانی دەنگدان بگرێتەبەر، بەلأم بۆیەك جاریش لەو هەڵبژاردنانەدا هیچ هێزیكو لایەنێك ملی بەئاكامەكانی ئەم هەڵبژاردنانە نەداوەو هەمیشە بەدوای هەڵبژاردنەكاندا دانوساندن بە ناوبژیوانی ئەمریكا بۆگەیشتن بە تەوافقو هودنە دەستی پێكردووە. ئەم رێكەوتنو هودنانەی دوای هەڵبژاردنەكان ئەوەندەی تر گاڵتەجاری ئەم هەڵبژاردنانەو یاریكردنی بەئیرادەی خەڵكی بۆهەموو ئینسانێكی شەریفو ئازادیخواز نیشانداوە.

پرۆسەی دەستورسازیش بەهەمان شێوە سەرئەنجام بە هودنەو ئیتفاقی هێزەكان براوەتەوە.

هەموو ئەو سیناریۆیانەی هەڵبژاردنو دەستور كەلەپاڵ بەیەكدادانی تیرۆریستیدا سازكراون، لەكردەوە تیرۆرستیەكان ترسناكترو خوێناویترن، چونكە خودی دەستورو هودنەو ئیتفاقەكان كاتی و بێپایەنو لەژێر ئەم هودنەو ئیتفاقانەدا جبەخانەی بەیەكدادانی تایفیو قەومیو مەزهەبی كەڵەكە دەكرێن، و دەستور بۆمبی یاسایی كردنەوەی ئەم شەرو بەیەكدادانە تایفیو قەومیو مەزهەبی یە.

سالی رابردو کۆمەڵگای عێراق کە بەدەستورو هەڵبژاردنی 15/ 12بەرەو کۆتاییهات زنجیرەیەك سیناریۆ بوون کە نەك ئایندەیەکی باش ناخاتە بەردەم کۆمەڵگای عێراق، بەڵکە کۆمەڵگای عێراق بەرەو دارمانی زیاتر پەلکێش دەکات، لە ناوەرراستو خواروی عیراق، بەیەکدادانی تایفیو مەزهەبی بەدواوە دەبێت، تائەو جێگایەش بەکوردستان دەگەرێتەوە، بزوتنەوەی ناسیونالستی کورد بەخۆبەستنەوەیان بەسیاسیەتەکانی ئەمریکاو بە تەحالوفاتیان لەگەڵ هێزە دینیو قەومیەکانو خۆبەستنەوەیان بە دەسەڵاتی مەرکەزی یەوە، لەلایەکەوەدرێژەی دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا یاسایی دەکەنو هاوکاتیش کوردستانی 15 ساڵ دابڕاوی بەکردەوە لەعێراق، دەگێرنەوە بۆ ژێرسایەی دەوڵەتێکی قەومی ئیسلامی. ئەمەش چارەنوسی خەڵکی کوردستان بەرەو ئایندەیەکی ترسناك ئەبات.

ئەگەر ئەمانە لایەکی پانورامای کۆمەڵگای عێراقن لە سالی رابردوودا، ئەوا لایەکی تری واقعیەتی سیاسی عێراقو ئەم پانۆرامایە، شەپۆلی وەستانەوە بەرووی ئەم سیناریۆ ڕەشو پیلانانەدا بووە کە بەرەی بۆرژوازی عێراقی لە ژێر چەتری ئەمریکادا خولقاندویانە.

خۆپیشاندانی خوێنکارانی زانکۆو مەعهەدەکانی بەسرەو بەغداو سلێمانیو هەولێر بەدژی دەستەو تاقمی ئیسلامیو بزوتنەوەی دەسەڵاتبەدەستی ناسیونالیزمی کورد، خۆپیشاندانی شارەکانی کەلارو ڕانیەو ئاکری، بەشکست کێشانی پرۆسەی راپرسی لەسەر دەستورو بەشداری نەکردنی خەڵك تیایدا، خۆپیشاندانی شارەکانی سەماوەو زیقارو کەرکوكو نارەزایەتی فراوانی جەماوەری تری شارەکانی سلێمانی ودهۆكو هەولێر بەدژی بەرزکردنەوەی نرخی سوتەمەنی لەلایەن حکومەتەکەی تالەبانی جەعفەریو بەشکست کێشانی ئەم بریارە، خۆپیشاندانو وەڕیکەوتنی بزوتنەوەی سەراسەری دژی گەندەڵیو فەسادیو بزوتنەوەی بەرگری لە ئازادی سیاسی، خواستی جەماوەری خەڵکی کوردستان بۆ ریفراندۆمو خواستی کۆنگرەی ئازادی عێراق بۆ بەشکست کێشانی پرۆژەی داگیرکاری ئەمریکاو هیزەکانو سیناریۆکانیو بەرەی ئیسلامی سیاسی بنلادنیو زەرقاویو وەرێخستنی بزوتنەوەی جۆراوجۆر بۆ بنیاتنانی عێراقێکی مەدەنیو سکولار....... تاد، لایەنێکی درەوشاوەی خەباتو نارەزایەتی بەرەی رادیکاڵو پێشکەوتخوازی کۆمەڵگا بووە بەدژی ئەم هەلومەرجە دۆزەخ ئاسایەی عێراق.

بێگومان چۆن سالی رابردوو بەرامبەرکێی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری جۆراوجۆر بەدژی داگیرکاریو هێزە کریگرتەکانی ئەمریکاو ئیسلامی سیاسیو بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورددا شانۆی ململانی سەرساحەی سیاسی عیراقی نەخشاند، و لایەنێکی پانۆرامای رووداوەکانی سالی رابردوو بوو، سالی داهاتوو سالی یەکڕیزی زیاتری بەرەی موتەمەدینو بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری دەبێت، سالی بێداربونەوەی زیاتری خەڵکی عێراقو کوردستان دەبێت، دیارە ئەمەش بەبێ دەوری ڕابەریو چالاکانەی ڕابەرانی بزوتنەوەی ئازادیخوازی مەیسەر نابێتو سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بۆیە دەبێ سالی داهاتوو سالی لێکهەڵپێکانی بزوتنەوە نارەزایەتیە جۆراوجۆرەکانی سەراسەری عێراق بێت بۆ کۆتاییهێنان بە بارودوخی ڕەشی نائەمنیو برسێتیو سیاسەتی داگیراکەرانەی ئەمریکاو هێزە کرێگرتەکانیو رەوتە تیرۆریستەکانی زەرقاویو بنلادنی.